# ئەجەنجی بۆ فەرماندەی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی لە عێراق و سوریا: پەیوەندییەکمان ستراتیژییە و کار بۆ پەرەپێدانی دەکەین



ئەمێر دووشەممە، قاسم ئەجەجی، هاوڕکاری ئاسایشی نەتەوەیی جێختی لەوە کردەوە کە: پەیوەندی عێراق لەگەڵ وڵاتانی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی پەیوەندییەکی ستراتیژییە.

لە بەیاننامەیەکی نوسینگەی هاگیاندنکەی کە بە "موتەبع" گەیشتووە، تێیدا هاتووە: "ئەجەجی پشوازی لە فەرماندەی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی لە عێراق و سوریا، جێنڕاڵ کیفن لیهی و شاندی یاوەری کرد، بۆ پێداچوونەوە بە دۆخی ئەمنی عێراق بۆ گشتی و گەشەپانی سوریا بەتایبەتیی،و ئەو ئاڵنگارییانەی ڕووبەڕووی ناوچەکە بوونەتەوە، هەروەها هەوڵە هاوبەشەکانی هەردوولا بۆ پتەوکردنی ئاسایش و سەقامگیری ناوچەکە".

ئەجەجی جێختی لەوەش کردەوە کە: پەیوەندی عێراق لەگەڵ وڵاتانی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی پەیوەندییەکی ستراتیژییە، حکوومەتی عێراقیش کار بۆ پەرەپێدانی دۆکات لە هەموو بوارەکاندا.